# پرسیارم لە ئەنەسی کوڕی مالیک کرد: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە نەعلەکانیەوە نوێژی دەکرد؟ ووتی: بەڵێ

لە مەسلەمە سەعیدی کوڕی یەزیدەوە دەڵێت: پرسیارم لە ئەنەسی کوڕی مالیک کرد، ووتم: «ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە نەعلەکانیەوە نوێژی دەکرد؟»، ئەویش (ئەنەس) ووتی: «بەڵێ».

[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

لە مەبەستە شەرعییەکان بریتیە لە پێچەوانە کردنی ئەهلی کتێب (جولەکە ونەسڕانیەکان)، ولابردنی هەر شتێک کە هۆکارە بۆ لابردنی ناڕەحەتی وحەرەج لە سەر مسوڵمان، وسەعیدی کوڕی یەزید کە لە متمانەپێکراوەکانی تابعینە پرسیاری لە ئەنەسی کوڕی مالیک کرد سەبارەت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە نەعلەکانیەوە نوێژی دەکرد؟ بۆیە وا دیار کە سەعید ئەم شتەی بە دوور داناوە چونکە نەعل زۆر جار شتی پیسی پێوە دەبێت، وئەنەس وەڵامی دایەوە: بەڵێ، بە نەعلەکانیەوە نوێژی دەکرد، وئەمەش لە سونەتی ئەوە، وتایبەت نیە بە خاکێک یان کاتێکی دیاریکراوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3112

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee